## سەرۆك كۆمار پێشوازی لە رەوەندی عێراقی لە ئوردن دەكات



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، پێشوازی كرد لە ژمارەیەك لە رۆڵەكانی رەوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆكایەتی كۆمار رایگەیاند:-لە وتەیەكدا لە میانی دیدارەكەدا پێشكەشیكرد، سەرۆك كۆمار ئاماژەی بەوەدا، كە سەردانەكەی ئێستای بۆ شانشینی هاشمیی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو وڵاتی برادایە، هەروەها بۆ فراوانكردنی هاریكارییەكانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و میسرە بە تایبەتی لە بوارەكانی وزەی نوێبوەوە، كە ئەمە پێویستی بە كاری چڕوپڕ هەیە لەو كۆبونەوەیەی ئومێد دەكرێت بەمزوانە ببەسترێت و وەزیران و تەكنیكارانی تایبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەكەن.

سەرۆك كۆمار جەختیكردەوە، عیراق بە پەرۆشە بۆ درێژەدان بە هاریكاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براكانی لە پرسەكانی بەرژەوەندی هاوبەش و گەیشتن بە لێكتێگەیشتن، كە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكەدا بەرقەرار بكات.

سەبارەت بە پرسی فەڵەستین، سەرۆك کۆمار پشتیوانی حکومەتی عێراق و خەڵکەکەی بۆ گەلی فەڵەستین دوپاتکردەوە و جەختی لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییەکان بەسەر کەرتی غەززە کردەوە، که کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبووە.

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەڵەستین، کە داواکارییەکانی گەلی فەڵەستین بەدیبهێنێت بە گەیشتن بە مافە تەواوەکانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاکی نیشتمانەکەیان.

سەرۆك کۆمار تیشکی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەی عێراق لەئێستادا بەخۆیەوەدەبینێت و کاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ کۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حکومەتی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەکەی و درێژەدان بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا رونکردەوە، داواشی لێکردن لەڕێگەی ئەزمون و تواناکانیانەوە بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆك کۆمار رایگەیاند، لە میانی گفتوگۆکاندا لەگەڵ خاوەنشکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی رەوەندی عێراقی تاووتوێ کردوە. ئاماژەی بەوەشکرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانیان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان و تەنانەت لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی عێراقە.

لای خۆیانەوە رۆڵەکانی رەوەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆك کۆمار دەربڕی بە رەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوەشکردەوە، کە ئەم پەیوەندی و دیدارانە لەگەڵ رۆڵەکانی رەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانکاری دەکات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و رێگریانەی روبەڕویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.

